ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
61
10 ی حوزەیران/ جوون 2023



## بڕیاری لەسێدارەدانی وەهاب هەڵەبجەیی!

موحسین کەریم

دادگای کەتنی هەولێر بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ وەهاب هەڵەبجەیی، بەرپرسی دژە تیرۆری یەکێتی دەکرد وەکو تاوانباری سەرەکی لە کەیسی کوشتنی هاوکار جافدا. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە پارتی کەیسی تیرۆرکردنی هاوکار جاف، ئەفسەری دژە تیرۆری یەکێتی کە سەنگەری بۆناو پاراستنی پارتی گواسستبووەوە، بەدەستەوە گرتوە بۆ فشارخستنە سەر یەکێتی، بەڵام ئەم بڕیارەی دادگای هەولێر پلەیەکی دیکە ململانێ و کێشەی نەبڕاوەو بێچارەسەری یەکێتی و پارتی توندتر کردەوەو بەجێگایەکی ترسناکی گەیاند. گومان لەوەدا نیە کە دادگاکانی هەولێر و سلێمانی، دادگای حزبین و بڕیارەکانیان لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە بۆ دەردەکرێ و ئەوان تەنها سیفەتی یاسایی پێدەدەن! بۆیە ئەم بڕیارەی دادگای کەتنی هەولێر، ناچێتە ناو چوارچێوەی جێبەجیکردنی یاسا بەرامبەر بە تاوانێک کە ئەنجام دراوە و تاوانکارێک کە بەو تاوانە هەستاوە یان نەخشەی بۆ دارشتوە، بەڵکو دەچێتە ناو چوارچێوەی ململانێی سیاسی نێوان ئەو دوو هێزەوە لەسەر دەسەلات و پۆست و ئیمتیازاتی سیاسی و لاسەنگکردنی تای تەرازوی هێزی سیاسی لەدژی یەکێتی، هەربۆیە بەدوای بڕیارەکەی دادگای هەولێردا، باڤڵ تاڵەبانی لەگەڵ وەهاب هەڵەبجەییدا دەرکەوت و مەدالیای

بۆ لاپەڕە ٢



## ناکۆکی نێوان دادگای فیدراڵی و هێزی میلیشیا!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## مەنسور حیکمەت و مەسەلەی پەنابەری

باسێکی دەشتی جەمال لەهەفتەی مەنسور حیکمەت لە لەندەن

بۆ لاپەڕە ٥

## گەمەی هەڵبژاردنی پاکوبێگەرد!

عوسمانی حاجی مارف

لاپەڕە ٤



## مەلا بەختیار مێژوو چەواشە دەکات !

مستەفا باهیر

بۆ لاپەڕە ٩



## بزوتنەوەی کرێکاری بەریتانیا هەنگاوی دیکەی پێویستە!

توانا نوری

بۆ لاپەڕە ١٠

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی......بڕیاری لەسێدارەدانی وەهاب هەڵەبجەیی!

شەرەفی پێشکەش کرد!

بڕیاربوو دوای کۆبونەوەی نێوان قوباد تاڵەبانی و مەسرور بارزانی، کە بەدوای چەندین مانگ لە پەناگیری قوبادو وەزیرەکانی یەکێتی لە کابینەکەی مەسرور بارزانی ئەنجام درا، لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندی نێوان ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارە هەڵبدرێتەوە! وا بانگەشە دەکرا کە پارتی و یەکێتی رێدەکەون و وەزیرەکانی یەکێتی مانگرتنەکەیان دەشکێنن و حکومەت کارەکانی دەست پێدەکاتەوە، مەسەلەی هەڵبژاردنیش بەرێکەوتنی نێوان هەردوولا، یەکلادەکرێتەوە! موژدەی ئەوە دەدرا بە خەڵک کە گرفت و کێشەکانیان کە بەهۆی ململانێی نێوان ئەو دوو حزبەوەو پەککەوتنی کارەکانی حکومەتی هەرێمەوە قوڵتر بووبووەوە، کۆتایی پێدێت و ئاهێک دێتەوە بەبەری خەڵکدا! بەڵام پێشبینی ئەوەی کە کێشەو ململانێی نێوان ئەو دوو حزبە لەوە قوڵتر و ئاڵۆزترە کە بەو سادەییە ئەو هەموو ئومێدەی لەسەر هەڵبچنرێت، بۆ ئێمەو بزوتنەوەکەمان سەخت نەبوو. هەر ئەوکاتە ئێمە ووتمان خودی چۆنیەتی رێکەوتن لەسەر ئەو برگەو بابەتانە و لەناویاندا هەڵبژاردنیش بەناو کۆمەڵێک کێشەو گرفتی سیاسی و ململانێی نێوان ئەو دوو حزبەدا دەڕواتە پێشەوە. زۆری نەخایاند کە هەموو شتێک جارێکی دیکە بووەوە بە بڵقی سەرئاو لەنێوان ئەو دوو حزبەدا.

پارتی و یەکێتی جارێکی دیکە و لە هەلومەرجێکی سیاسی تازەی ناوچەیی و عێراق و کوردستاندا دەبێت پێناسەی پەیوەندی نیوانیان و هاوسەنگی هێزی نێوانیان بکەنەوە. حکومەتی هەرێم، تەنها شێوەی حکومەتیی دەسەڵاتی دوو حزبی میلیشیاییە لە دوو ناوچەی نفوزو دەسەڵاتدا. ئەو حکومەتە لەئاکامی رێکەوتنێکی سیاسی نێوان ئەو دوو هێزە خاوەن میلیشیا و ناوچەی نفوزە، لە ئاستێکی دیاریکراوی هاوسەنگی هێزی نێوانیاندا، وەکو چەترێکی هاوبەش بۆ سیمای دەسەڵاتداریتیان بەرامبەر بە بەغداو لەئاستی دەولەتانی دنیادا پێکهاتووە، نەک دەسەڵاتێکی یەکپارچەی سیاسی و حکومەتی کە دوو حزب بەپێی هاوسەنگی سیاسی و نفوزی سیاسی وجەماوەری و رێژەی دەنگەکانیان تێیدا بەشدارن. ئێستا ئەو هاوسەنگیە تێکچووەو هەردوولا دەیانەوێ پێناسەی بکەنەوە. پارتی دەیەوێ و ئەوەشی بەئاشکرا راگەیاندووە کە یەکێتی ئیتر ئەو پێگەیەی جارانی نەماوە تا لە حکومەتدا وەکو هاوبەشێکی سەرەکی و خاوەن بڕیاری هاوتا مامەڵەی بکات، بەتایبەتی کە پارتی توانیویەتی دزە بکاتە ناو دەزگای هەستیاری زانیاری و دژە تیرۆری یەکێتیەوەو هەروەها چەند هێزی چەکداری دۆست و سەربە پارتی لەناوچەی نفوزی یەکێتیدا دروست بکات. یەکێتی لەم گێژاوەدا گیری خواردووەو پارتیش هەررۆژە بەجۆرێک فشاری بۆدەهێنێ بۆ تەسلیمکردنی! بڕیاری دادگای هەولێر کە سەرۆکی هەستیارترین دەزگای ئەمنی یەکێتی نیشانەگرتوە هەنگاوێکی دیکەیە لە زنجیرەی فشارەکانی پارتی بۆ تەسلیمکردنی یەکێتی بە دەسەڵات و بڕیاری سیاسی پارتی.

★

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەرێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ریزێکی رێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە رابەری حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا، دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لەهەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەرواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆری شۆڕشگێڕانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووە مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات!**

**کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بڕیاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن.**

# ناکۆکی نێوان دادگای فیدراڵی و هێزی میلیشیا!

## عوسمانی حاجی مارف

ئەو دادگایەی دەسەلاتی بەسەر هەڵوەشاندنەوەی هێزی میلیشیادا نەبێت، ناتوانرێت بڕیارەکانی بەهەند وەربگیرێن و جێگای متمانەبن. یان ئەتوانین بڵێین ئەو دادگایە بەناچاری دەبێتە پاشکۆ بۆ بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەو حزب و لایەنانە کە خاوەنی دەسەلاتن لە پێگەو توانایی هێزی میلیشیاکەیانەوە. ئەمەش لۆژیکی ئەو جۆرە دەسەلاتانەیە کە بە هیچ جۆرێک ڕێگا نادەن دادگاو هەردامودەزگایەکی تری حکومی سەربەخۆبێت. بۆیە هەر ڕۆژە یاسا و بڕیار و ڕێسایەک بەڕێوە دەبەن. لەلایەکی تریشەوە هاوکێشەکە تەواو پێچەوانەیە. لەبری ئەوەی ئەو دادگایە بڕیاری هەڵوەشانەوەی هێزی میلیشیا بدات، بەڵکو ئەوە هێزی میلیشیایە هەرکات زانی ئەو دادگایە پێچەوانەی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی بڕیار دەردەکات، نەک ئەو دادگایە هەڵدەوەشێنێتەوە، دادوەرەکانیشی سزا دەدات.

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو جۆرە دادگایانەیە کە لە خزمەت بەرژەوەندی سیاسی هێزە میلیشیا شیعە دەسەلاتدارەکانی عێراقدا پێکهێنراوە. حزبە میلیشیاکانی هەرێمی کوردستانیش لەسەر بنەمای ڕێکەوتن لەگەڵ ئەو هێزانەداو بەشدارییان لە نوسینی دەستوردا ئەم دادگایەیان قەبوڵ کردووە.

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ڕۆژی سێشەممە۳۰ی مانگی پێنجی ساڵی۲۰۲۳بڕیاریداو ڕایگەیاند کە درێژکردنەوەی ماوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نادەستورییە. ئەوە ئاشکرایە بەگوێرەی دەستور و ڕێکەوتنی نێوان هێزە میلیشیاکان لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا، دەبێت ئەم بڕیارە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام گرفتەکە لەسەر تایبەتمەندی ئەو بڕیارەو جێبەجێکردنی نیە، هەروەها لەسەر دروستی و نادروستی بڕیارەکەش نیە، بەڵکو کێشەکە لەسەر خودی پێکهاتەی ئەو هێزە ناسیۆنالست و ئیسلامیە میلیشیاییانەیە کە پێکهێنەری حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمن. ئەم هێزانە باندی مافیایی و جەردەی دوای جەنگی داگیرکاری ئەمریکان، کە تالانچی و کۆکراوەی پاشماوەکانی دوای کۆتایی جەنگن، لەسەر بنەمای داگیرکاری و بێئیرادەکردنی خەڵک، بەزۆرەملێ و گوندەیی هێزی میلیشیا، عێراق و کوردستانیان لەسەر بنەمای نفوزو پێگەی سیاسیان دابەشکردووەو ناویان ناوە حکومەتی فیدراڵی عێراق. هەربۆیە پێش هەر دەستورو یاساو بڕیارێک، ناکرێ خودی پەرلەمانەکەیان شەرعی و فەرمی و موعتەبەر بێت. پەرلەمان ئەو دەزگا بێبایەخەیە لە ئاستی دەسەلاتی میلیشیادا کە شایستەی هیچ جێگاو ڕێگایەک نیە. بێئۆتۆریتەترین و ناموعتەبەرترین و ڕیسواترین دەزگایە لە پێکهاتەی دەسەلات و حکومەتی عێراق و هەرێمدا.

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بڕیار لەسەر نایاسایی درێژکردنەوەی پەرلەمانێک ئەدات کە ئەو پەرلەمانە بۆخۆی هەر لە بنەڕەتدا لە ئاست بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، جێگاوڕێگایەکی نیە تا پۆشاکی شەرعی بون بکرێت بە بەریدا. بەجیا لە ناشەرعی بوونی پەرلەمان، لەهەمانکاتدا، جێگای مامەڵەی هەرزان بازاڕی نێوان پارتی و یەکێتی و هەر لایەنێکی ترە کە کورسیان لە ناو پەرلەماندا بە کرێ گرتووەو کرێشی لێوەردەگرن. لەلایەکی ترەوە هەر بەو هەرزان بازاریە، دەوریـــک چەواشەگەرانەیان لە دروستکردنی وەهم و ئومێد بە ئاڵوگۆڕ لەو دەسەلاتەدا لە ڕێگەی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە، پەخشکردوتەوە.

ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی، پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان و چارەنوسی پەرلەمان بەهەر کوێیەک دەگەیەنێت، نابێت مەسەلەیەکی جدی و قابیلی هەر جۆرە ئومێدو چاوەڕوانیەک بێت لای خەڵکی نارازیەوە.

ئەم جۆرە بڕیارانەی دادگای فیدراڵی کە گوایە لایەن و کەسانێک بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە پۆزو دەورو دەخاڵەتی خۆیانی تیا بەرجەستە دەکەنەوە، جگە لە چەواشە کاری و پاشەکشە بە نارەزایەتی خەڵک، هیچ ڕۆڵێکی ئەرێنی نەدیوەو نابینێت. پێویستە لە ئەزمونی چەندین ساڵەی دەسەلاتی پارتی و یەکێتی و هاوکارەکانیان لە هەرێم، دەسەلاتی حزبە ناسیۆنالست و تائفیەکانیش لە عێراق، ئەوەندەی حاڵی کردبین، کە هەر هێنانوبردن و کەیس دروست کردنێک و سکالانامەو پەنا بردن بۆ هەر دادگایەک، کارێکی گەوجانەی ساختەبازیانەیە کە هەندێ لایەن و کەسانێک بەدوای دەکەون و وەها نیشان ئەدەن هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بە قازانجی خەڵکە. لەهەمانکاتدا وانیشان ئەدەن پەنابردن بۆ دادگای فیدراڵی ڕێگای فشارێکی جدیە بۆسەر پارتی و یەکێتی لە پرۆسەی گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی و ئاڵوگۆڕ لە دەسەلاتی سیاسیدا. ئەوەی ئێستا دادگای فیدراڵی بوێری هەیە بڕیارێکی لەو چەشنە دەربکات، ئەوە پێگەی دادگای فیدراڵی نیە، بەڵکو پێگەو هاوسەنگی هێزە شیعەکانە لە حکومەتی عێراقدا لەبەرامبەر حزبە دەسەلاتدارەکانی هەرێمدا کە پێویستیان بەوەیە دادگای فیدراڵی بەکاربهێنێت بۆ پاشەکشەی زیاتر بە پێگەی پارتی و یەکێتی و ڕیسواکردنی حکومەتەکەیان. جوڵاندنی ئەم کەیسەش لەلایەن چەند ئەندام پەرلەمانێکی کوردەوە لە بەغداد، تەنها کارێکی گەوجانەی خزمەتکردنە بە هێزە شیعەکانی حکومەتی عێراق.

دواتریش ئەو لایەن و کەسانە کە دەبنە بەر لەشکری جێبەجێکردنی هەڵبژاردن، بەلیستێکی دروستکراوی تازەوەو خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئایندە ئامادە

دەکەن کە لە چوارچێوەی فەلەکی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارازنی و بنەماڵەی تاڵەبانیدایە، بەدروشمی گاڵتەجاڕیانەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردەوە، بەڵام هەرئەوەندەیان پێ دەبڕێت کە چەند کورسیەک بۆ لیستەکەیان زیاد بکەن و هیچی ترا! ناتوانرێ هیچ ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی خەڵک بەدەست بهێنرێت، چونکە لە دواجـاردا ئەوە ئـاشـکـرایە کە دروستکردنی قاڵبی کورسیەکانی پەرلەمان تەنها بۆ مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی دەنگی ئەندام پەرلەمانەکانە لەبازاڕی پارتی و یەکێتیدا.

پەرلەمان لە کوردستان و عێراقدا بەهیچ جۆرە کرداروو مانایەک، نەیتوانیوەوە ناتوانێ پێگەی سیاسی هێزەکان و توانای پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی یەکلابکاتەوە، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسی بنەماڵەیی میلیشیا و هێزی تائفی میلیشیا، پێشوەخت هەموو کەینوبەین و مامەڵەیکیان بڕیوەتەوە! پەرلەمان دەکەنە کاریکاتورێکی گاڵتەجاری دەستکەلای نەخشە سیاسیەکانیان. وەک چەواشەکاری لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، ئەم هاوکێشەیە لە عێراقدا وەها ڕیزبەندی دەکرێت، کە"دەسەڵات دواتر پەرلەمان، نەک پەرلەمان دواتر دەسەڵات"! ئەو کەس و لایەنانەش کە تەنها ئومێد بە پەرلەمان دەکەنە بنەمای هەڵسورانی سیاسیان، ئاشکرایە جگە لە ئارایشدانی جوانکاری لە پێکهاتەی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی ئێستای گەندەڵ و تالانچیدا، شتێکی تریان بۆ ناکرێت. ئەتوانین بەسادەیی بەو کەسانەی ئومێدیان لەسەر ئەم دادگای فیدراڵیە هەڵچنیوەو خۆیان بە دڵسۆزی خەڵک دەناسێنن، بڵێین؛ فەرمون سکالایەک لەو دادگایە تۆمار بکەن با لە عێراق و کوردستان کۆتایی بە هێزی میلیشیا بهێنرێت! ئایا دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دەتوانێ سکالایەکی لەو چەشنە بخاتە ناو جەلسەکانیەوە؟

# گەمەی هەڵبژاردنی پاکوبێگەرد!

## عوسمانی حاجی مارف

باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق "جەخت لە هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێم دەکات کە پێویستە لە زوترین کاتدا ئەنجام بدرێت"!، باڤل تاڵەبانیش سەرۆکی یەکێتی دەڵێت " لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بووین، بەڵام هەڵـبـژاردنـێـکـی بـێـگـەردو دوور لە دەستوەردان"!

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەمریکا بۆچی پێداگری لەسەر ئەم هەڵبژاردنەی هەرێم دەکات؟ ئایا بۆ چارەسەری کێشەی ژیان و پێداویستی خەڵکی کوردستانە دوای سی ساڵ زیاتر، لەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، کە وادەخوازێ ئەمریکا پێداگری لەوە بکات هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت؟ دیمان کە چەندین خولی پەرلەمان و هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجامدرا و دواتریش بەهەزار بێنەوبەرە توانییان حکومەت پێک بهێنن. لەهەمانکاتدا هیچ ئاڵوگۆڕێک بەقازانجی خەڵک و کۆتاییهێنان بە گێژاو و ناجێگیری سیاسی دۆخی کوردستان نەک بەدەست نەهات، بەڵکو دۆخی سیاسی کوردستان ڕووبەڕووی ئاڵۆزی زیاترو ناسەقامگیری زیاتر بۆتەوە.

هەڵبژاردنی ئەم جارەش هەرکاتی ئەنجام بدرێت، جگە لە زیادبوونی گرفت و کێشەکانی نێوان بنەماڵەی بەرزانی و بنەماڵەی تالەبانی، هیچ بەرهەمێکی تری نابێت. دۆخەکەش ئاڵۆزی و نالەباری زیاتری لێدەکەوێتەوە. بۆیە سوڕانەوەو بیرکردنەوەو هەڵچنینی هەر جۆرە ئومێدێک بەم هەڵبژاردنە، نەهامەتی و بەدبەختی خراپتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەمریکا کاری بە هەڵبژاردن تەنها بۆئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەو نەخشەدایە کە ئەمریکا هەیەتی، جۆرێک لە مەرکەزیەت بۆ حکومەتی عێراق دابین بکاتەوە و یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزێت. لەهەمانکاتدا، حکومەتی هەرێم و حزبە کوردیەکان ملکەچی ئەو نەخشانە بکات کە ئەمریکا ئێستا لە ناوچەکەدا دەیەوێت پیادەی بکات، بەتایبەتی لە پەیوەند بە ئێرانەوە. لەلایەکی تریشەوە هەڵبژاردن دەتوانێ فرسەتێکی زیاتر برەخسێنێ بۆ بەرزبونەوەی هاوسەنگی هێزی بنەماڵەی بارزانی و پارتی بەرامبەر بە یەکێتی و نابودکردنی زیاتری یەکێتی، تا سەوداومامەڵەی سیاسی یەکلانەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ئاسانتر بکرێت. ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێشهاتانە گرنگە کە بەئاراستەی ئاڵوگۆڕ لە ڕێکخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەوڵی بۆ دەدرێت. ڕێکخستنەوەی مەرکەزیەتی حکومەتی عێراقیش بەشێکە لەو پرۆسەیە.

ئەوەی لێرەدا سەیروسەمەرەیە، بۆچی سەرۆکی یەکێتی مەرجی هەڵبژاردنی پاکو بێگەرد دەکاتە پێشمەرجی ئەم هەڵبژاردنە؟ پرسیارێک پێویستە بیخەینە ڕوو، ئایا ئەو خولانەی پێشوتری هەڵبژاردنەکان ئەو مەرجەی تیا مسوگەر کرابو؟ ئاشکرایە کە ئەو مەرجە هیچکات پەیرەوی نەکراوە. هیچ هەڵبژاردنێکی کوردستان پاکوبێگەرد نەبووە بێ دەستتێوەردانیش نەبووە، بەڵام بۆچی لە ئێستادا ترسی یەکێتی چۆتە سەر ئەو خاڵە؟ ئاشکرایە لەم هەڵبژاردنەدا هاوسەنگی هێزو چۆنیەتی بەشداری یەکێتی، ئەو فرسەتەی ناداتێ تا هێندەی پارتی بە ساختەکاری لەم هەڵبژاردندا دەستکەوتی باش بەدەست بهێنێت. بۆیە بەشداری یەکێتی لەم هەڵبژاردنەدا قومارێکی مایەپوچەو بۆخۆشیان دەزانن کە باش دەدۆڕێن. ناچارن گەمەی سیاسی و بێنەوبەرە بکەنە بیانوی دواخستنی هەڵبژاردن، یان نەکردنی! وەک خۆشیان دەڵێن دەبێت پارتی پێشوەخت لە گەڵیان ڕێکەوێت، ئەمەش تاچەند لە ڕەحمەتی پارتی دەوشێتەوە، ئەوە دیارە کە یەکێتی و سەرۆکەکەی لە چاوەڕوانیدان.

# مەنسور حیکمەت و مەسەلەی پەنابەری

## باسێکی دەشتی جەمال لەهەفتەی مەنسور حیکمەت لە لەندەن ٤/٦/٢٠٢٣

هاوڕێیان..ئامادەبووانی هەفتەی مەنسور حیکمەت.. ئەمکاتەتان باش..

من باسەکەم بە قسەیەکی مەنسوری حیکمەت دەست پێدەکەم کە دەڵێت" لەگەڵ سەرکوتی خوێناوی شۆڕشی ئێران و سەپاندنی ژیانێکی تا ئەوپەڕی ڕادە کۆنەپەرست بەسەر خەڵکدا، دەیان هەزار ئینسان لە دەستی کۆماری ئیسلامی هەڵهاتن. تەنها و بێ هیچ ڕێکخراوێک لەو دیو سنورەکانی ئێرانەوە بۆ ڕێگایەک بۆسەلامەتی و ئاسایش و ئارامی ئەگەڕان. ڕێکخراوکردنی ئەم شەپۆلە گەورەیە لە ئینسانەکان لە دەوری مۆدێرنترین و ئینسانیترین دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی، داکۆکی بێ مەرج و بەند لە مافی پەنابەریتی خەڵکی ئێران و خستنە ڕیزی ئەم جەماوەرە ملیۆنیە لەپاڵ خەباتی مرۆڤدۆستانە و کرێکاران لە ڕۆژئاوا لەدژی ڕاسیزم و فاشیزم و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نالۆکاڵی (سەراسەری) بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە، ئاین، ڕەگەز و وابەستەیی ڕێکخراوەیی کرد بە پێویستیەکی دەستبەجێ... "

هاوڕێیان، باسێک کەئەمڕۆ من دەمەوێت بەناوی "مەنسور حیکمەت و مەسەلەی پەنابەری" لەم بۆنەیەدا پێشکەشتانی بکەم، ڕەنگە بەبەراورد بەدەیان مەسائیلی سیاسی وفکری وڕێکخراوەییدا، کەهاوڕێ مەنسور حیکمەت بەرهەمی هێناوە، لاوەکی و کەمبایەخ بێتەبەرچاو، بەڵام بەبڕوای من کاتێک کە مەسەلەی پەنابەری لەتەنیشت مەسەلەکانی، منداڵان یەکەمن، مەسەلەی ژنان و لەباربردنی منداڵان، مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانی عیراق، مەسەلەی سکولاریزم وبەرگری لەمەدەنیەتی کۆمەڵگا ومافەمەدەنییەکان، سیناریۆی ڕەشو ئاوارەیی، خەبات لەدژی ڕاسیزم و فاشیزم،... دابنێین، دەبینین لەم باسەشدا ئێمە لەگەڵ ڕوانگەو سونەتێکی ئینسانی وچیانیەتیدا بەرەو ڕووین وخەریکین باس لە کۆمۆنیزمێکی دەخاڵەتگەرو کۆمەڵایەتی دەکەین کە خۆی بەبەرپرسیاردەزانێت، بەرامبەر بەهەر بابەتێک کە ئینسانەکانی گیرۆدەکردووە بەبێمافی وجیاکاری وهەڵاواردن..

هەربۆیە دەتوانم بڵێم مەسەلەی ئاوارەیی و پەنابەرییش وەک دیاردەیەک کەلەدنیای ئەمڕۆدا ملیۆنەها ئینسانی گیرۆدەکردووە، بەپێویست کۆمۆنیزمی ئێمە ناتوانێ لاموبالات بێ لەبەرامبەریداو بیسپێرێت بە ڕەوت و ئەحزابی جۆراوجۆری بۆرژوازی ودەسەڵاتەکانی. خۆشبەختانە مەنسور حیکمەت نەک هەر مەسەلەی پەنابەری وەک مەیدانێک بۆ دەخاڵەتگەری وپەرەدان بەکۆمۆنیزم وبزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی ئینسانی باس لێوەکردووە، بگرە ڕاشکاوانە پێداگریکردووە کەئەم مەسەلەیەش وەک باقی ئەو مەسەلانەی تر کەلەکۆمەڵگاداهەیە، بەخەباتی چینی کرێکارو ڕزگاری لە سیستەمی سەرمایەدارییەوە بەندە. بۆیە ئێمە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان، ناتوانین لەبەرامبەریدا بێهەڵوێست بین و وەک هەر مەیدانێکی تری خەباتمان بەدەستیەوە نەگرین. کەواتە بابزانین مەنسورحیکمەت چۆن لەم مەسەلەیەی ڕوانیوەو چۆن مامەڵەی لەگەڵ کردووە؟

با لەچەند گۆشە و ڕوانگەوە هەوڵەکانی حیکمەت لەم مەیدانەدا بخەمەڕوو:

یەکەم: ئەنتەرناسیونالیزم و یەکیەتی چینایەتی بەشەکانی کرێکاران:

مەنسور حیکمەت یەکەمجار لەبەرامبەر ئاوارەو پەنابەرانی ئەفغانیدا، کەبەهۆی شەڕی ناوخۆ و ڕووداوەکانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، هاتبوونە ئێران و لەلایەن ڕەوتە فاشیستی و ڕەگەزپەرستەکانەوە، ڕووبەڕووی تەحقیر وجیاکاری دەکرانەوە، لەدۆخێکدا کەجمهوری ئیسلامی ئاوارە ئەفغانییەکانی وەک وەسیلەیەک بۆ سەرکوتی کۆمەڵگاو بەگژیەکدا کردنی بەشەکانی کرێکاران وڕواندنی مەیلی نەتەوەچێتی بەدەستەوە گرتبوو، وە ئەوانی وەک هۆکارێک بۆ بێکاری و نەبوونی لەکۆمەڵگای ئێراندا نیشان دەدا وجەنگێکی لەنێوان کرێکاران و ئەفغانیەکاندا هەڵگیرساندبوو، ئەمەش بەربەستێک بوو لەبەردەم یەکیەتی بەشەکانی چینی کرێکاردا... دۆخەکە بەجۆرێک بوو کە باوەڕ ومامەڵەی جمهوریی ئیسلامی بەم مەسەلەیەوە ڕەنگدانەوەی لەنێو ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوکاتدا دانابوو، لەوانە ڕاهی کارگەر، کە لەدیدێکی شۆفێنستی وفاشیستانەوە لەبابەتەکەی دەڕوانی. مەنسور حیکمەت لەوتاری "ڕاهی کارگەر : فاشیزم، کابوسێک یان واقعیات؟" لەدیدێکی چینایەتی و ئەنتەرناسیونالیستیەوە و بەدیفاع لە ئاوارە ئەفغانییەکان دەڕوانی و لەدژی هەوڵەکانی جمهوریی ئیسلامی ڕادەوەستێ و بەمجۆرەش ڕەخنە لەهەڵوێستەکانی ڕاهی کارگەر لەسەرئەم بابەتە دەگرێ. ئەودەڵێت:

کاری فاشیستەکانی هەموو وڵاتێک ئەوەیەکە کرێکاران لەسەر بنەمای نەتەوەچێتی دابەش بکەن و ئەوان بەئێرانی وئەفغانی، فارس وکورد، ئەڵمانی و تورک، ئینگلیزی وپاکستانی ڕەشو سپی دابەش بکا وتەفرەقە لەناویاندا بچێنێ ولەدژی یەک هەڵیانخڕێنێ. بەڵام کۆمۆنیستەکان پەندی یەکەمیان لەئەنتەرناسیونالیزمەوە وەرگرتووە و دەبێ بەربگرن بەوەی

کەنارەزایەتیی جەماوەر بخزێتە باوەشی شۆڤێنیستەکان و ڕاسیستەکانەوە ولەژێر چەپۆکی ئەواندا دەریان بکێشن.

لەم وتەیەی حیکمەتدا ئەو میتۆدە بەدی دەکەین کەمەسەلەی ئاوارەیی و پەنابەری پرسی کۆمۆنیستە ئەنتەرناسیونالیستەکانە وخەباتی چینایەتیی کرێکاران لەهەر کۆمەڵگایەکدا لەدژی بۆرژوازی بەئیتحادو یەکیەتی و هاوچارەنووسیی هەمووکرێکارنەوە بەندە و نابێت نەک هەر ئەم بابەتە بۆ ڕەوتە بۆرژوا شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستەکان بەجێبهێڵرێت، بەڵکودەبێ وەک بەربەستێک لەسەر ڕێگای پێشرەویی خەباتی یەکگرتوانەی کرێکاران چاوی لێبکرێ. ئەمە ئەرکێکی ئەنتەر ناسیونالیستانەی ئێمەیە.

ئێستاش ئەم میتۆدەی مەنسور حیکمەت لەمەسەلەی ئاوارەکانی ئۆکرانیا، پەنابەرانی هەڵهاتووی کوردو عەرەب و... هەمان حوکمی خۆی دەکات، لەکاتێکدا دەبینین کەچۆن فاشیزم و ڕاسیزم بەردەبێتە گیانی ئەم قوربانیانە.

دووەم: ناسنامەی ئینسانی:

ڕەگەی ئینسانی، ئەویش بەمانا جیهانیەکەی بنەمایەکە کەمەنسورحیکمەت لەمەسەلەی پەنابەری وئاوارەییدا لەبەرچاوی گرتووە. دروست هەروەک چۆن لەمەسەلەی ژنان، منالان ولەبەرامبەر ستەمی نەتەوەیی و...دا، ڕوانگەیەکی ئینسانی جیهان شمولی کردۆتە پێوانە بۆ هەڵتەکاندنی هەرجۆرە جیاکاری وهەڵاواردنێک، لەمەسەلەی پەنابەری و ئاوارەییشدا، هەمان پێوانە دوبارەدەکاتەوە. واتە حیکمەت بەپێچەوانەی هەر ڕەوتێکی تری بۆرژوازییەوە کە لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا ئینسانەکان دەکرێنە وەسیلەیەک بۆ ئامانجی بەشێکی کۆمەڵگا لەبەرامبەر بەشێکی تردا و بەمجۆرەش ستەم وجیاکارییەکان دەهێڵنەوە، مەنسورحیکمەت، لەسەر ئەو حوکمە ڕادەوەستێ کەن مارکسی پێدەناسرێتەوە، ئەویش ئینسانگەراییە (هیومانیزم)وەک ئەسڵێک. ئینسان چەقی قورسایی و جێگای بایەخە لای حیکمەت. چەوسانەوەی ئینسان لەلایەن ئینسانەوە لەناوبەرن تا هەموو جۆرەکانی تری چەوسانەوەش نەمێنێ. دەربارەی ئینسان و بەشداری ئینسان لە گۆرینی ژیانی خۆیدا.. کاتێک حیکمەت لەدژی سیاسەتی نیسبیەتی فەرهەنگی و کۆتاکردنی ئینسانی پەنابەر وئاوارە ڕادەوەستێت، کاتێک دەوڵەتانی ئەوروپایی ئینسانەکان دەخەنە خانەی "فەرهەنگە جیاوازەکان"ەوە و بەکەمایەتی ناویان دەبەن، ئەو لەدژی ئەم دابەشبوونانەڕادەوەستێ.

حیکمەت لەوەڵامی دوو بەیان کە ئەوکات بەدژی کەمپینی دیفاع لەمافەکانی ژنانی ئێران، لەلایەن ڕاهی کارگەر دەرچوو، باسەکەی بەناونیشانی "اسلام، حقوق کودک و حجاب گیت" ڕاهی کارگەر دەڵێت، "کەمایەتی داتاشین و ڕێژەیی کلتووری"، تێزی ڕێژەیی کلتووری و هەموو ئەو سیاسەت و کردار و ڕەفتارە دەوڵەتی ونادەوڵەتییانەی کە لە ڕۆژئاوادا لەسەری بنیاتنراوە، دیاردەیەکی لەناخەوە ڕەگەزپەرستییە. ڕێژەیی کلتووری پەردەپۆشییەکە بۆ پێکهێنانی ئاپارتایدی (هەڵاواردن) هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی و یاسایی و فیکری و سۆزداری و جوگرافی لەنێوان هاولاتیانی یەک ولات. لە ڕاستیدا لەسەربنەمای نەژاد و نەتەوەو ئایین کە ئەنجامەکەی جگە لە دروستکردنی کۆمەڵگەی بچووک و دواکەوتووی "کەمینە"ی نا ئەوروپی لەناو زۆرینەی سپی پێستەکان و ئەوروپییەکاندا هیچ شتێکی تری لێ بەرهەم نایەت. دەبێ ئەمە ڕێگری لێ بکرێت. گشت خەڵکی سوید هاولاتی یەکسانی کۆمەڵگان لە ڕووی مافەوە و دەبێت لەژێرسایەی هەمان یاسا وڕێسای کۆمەڵایەتی یەکساندا بژین..."

لەم ڕوانگەیەوە، دژ بە داتاشینی بەرگی پەنابەر بەسەر بەشێک لە ئینسانەکان کە بەناچاری کراوە بەبەریاندا، ڕادەوەستێ وئەم جۆرە چەمک وروانگانە شەرمەزاردەکات. بەهاناوەچوونی خەڵکی ئاوارەی کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٩١دا و ئەو ئامۆژگارییانەی کەئەو کردیە سیاسەتێک بەدەست کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بنەمایەکی ئینسانیی درەخشان دەخاتەڕوو لەکاتێکدا و لەدنیای ئەمرۆدا دەبینین کە چۆن دەوڵەتانی بۆرژوازی دەرگا لەسەر پەنابەران و خەڵکی ئاوارە دادەخەن و بەپاساوی تێکچوونی باری ئەمنی، ئینسانەکان بەهەڵواسراوی لەنێوان سنورەکاندا گیردەکەن.

سێهەم: حقوقی مەدەنی وهاولاتی یەکسان

مەنسور حیکمەت لەمەسەلەی پەنابەرو ئاوارەییدا، پێشڕەوی کۆمەلایەتی و ستانداردە حقوقی و مەدەنیەکان بۆ ژیان کردن ومانەوە لەبەرچاوەدەگرێ ولێرەشەوە کۆمەڵگایەک وێنا دەکات کە هەرجۆرە جیاکارییەکی نێوان ئینسانەکان نەمێنێ. لەبەرنامەی دنیایەکی باشتردا ئەم پێوانەیە بۆ کۆمەڵگای ژێر سایەی حکومەتی کرێکاریی بەڕۆشنی پێناسەکردووە:

یەکسانیی هەموو دانیشتووانی ولات لە ڕووی حقوقییەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامەیان

یەکسانیی تەواو و بێقەیدوشەرتی هەموو دانیشتووان، سەربەخۆ لە ڕەگەزنامەیان، لە هەموو ماف و ئەرکە یاساییەکاندا، بەفەردی و مەدەنی و سیاسی و کۆمەلایەتی و خۆشگوزەرانییەکانەوە.

باڵکێشانی یەکسانی یاساکانی کارو خۆشگوزەرانی بەسەر هەموو کرێکاراندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامەیان.

بەخشینی مۆڵەتنامەی هاتنەژوورەوە، مانەوە، کارکردن و کارتەکانی بیمەو...تاد بۆ هەموو ئەو کەسانەی خوازیاری مانەوەن لە ئێراندا.

ئازادی بێقەیدوشەرتی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان،ئازادی سەفەر و جێگۆرکێ و...

قەدەغەکردنی دانانی هەرجۆرە

کۆسپ و تەگەرەیەک لەبەردەم هاتوچۆی خەڵکی وڵاتانی دیکە بۆ ناو وڵات. بەخشینی ڕەگەزنامەی وڵات بەهەرکەسێک خوازیاری بێت و ئیتلیزاماتی هاوڵاتیبوون قبوڵ بکات. بەخشینی بێقەیدوشەرتی مۆڵەتی مانەوەو کارکردن بۆ کەسانێک خوازیاری مانەوەن. قەدەغەکردنی جیاکاری نەژادی، کە دەبێ لە یاسای وڵاتدا جێگیربکرێت...

هاوڕێیان ئەوە ڕاستە کە مەنسور حیکمەت لەبارەی مەسەلەی ئاوارەو پەنابەرییەوە، کتێبێکی تایبەتی نەنووسیوە، بەڵام لەزۆر جێگای نووسراوەکانیدا ڕوانگەی کۆمۆنیستی و دەخاڵەتگەرانەی بەئێمە داوە، ئەو بنەمایانەی کە لەپێشەوە ئاماژەم پێکرد دەزگاو میتۆدێکی کۆمۆنیستی و کرێکاریی داوەتە دەستمان. لەڕووی عەمەلیشەوە مەنسورحیکمەت لە دوو دەورانی جیادا، نموونەی بەرجەستەو کارای داوەتەدەستمان کەلێرەدا بەپێویستی دەزانم لەسەریان ڕاوەستم:

دەورەی یەکەم: حزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەزمونی شورای پەنابەران:

ساڵی ١٩٨٤ کاتێک کە لەرابەریی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، باس لەسەر ڕێکخستنی ئێرانیان لەدەرەوەی وڵات سەری هەڵدا و چەند پێشنیارێک سەری هەڵدا لەوانە: پێشنیاری ڕێکخراوێکی دیموکراتیک، تەشەکولێکی سنفی سیاسی، هاتەئاراوە. بەڵام مەنسور حیکمەت لەبەرانبەر ئەو پێشنیارانەوە داکۆکی لەپرۆژەی شورای پەنابەران و موهاجرینی ئێرانی کرد. ئەو پێشنیارەی بەدەنگ گەیاند و بەڵگەنامەکانی ئەو ڕێکخراوەی ئامادەکرد و لەنێو حزبدا بەدەنگ گەیەنرا.هەروەها ئەوکاتەی ڕابەری، حبیب فەرزاد، غولامی کەشاوەرز و کورشی مودەرسی تەرخانکرد بۆ کارکردن لەومەیدانەداو هاوڕێ غولامی کەشاوەرز بەرپرسیاریێتییەکەی گرتەدەست. ئامانج لەم ڕێکخراوەیە بەڕێخستنی کاری حزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو لەمەیدانی پەنابەران لەدەوری ئاڵتەرناتیڤێکی ڕادیکاڵ و بەدیلی چینی کرێکار لەبەرامبەر ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا. بەمجۆرەش سەرپێخستنی مەیدانێک بۆ جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی خەباتی جەماوەری لەدژی ڕژێمی ئیسلامی و جیاکردنەوەی لەڕەوتە بۆرژوا میللی و مەزهەبییەکان.هەرلەم دەورەیەدا کاتێک مەسەلەی ڕێکخستنەوەی فیدراسیۆن دێتەئاراوە، هاوڕێ مەنسورحیکمەت لەنوسراوێکدا مهاجیر و پەنابەر لێک جیادەکاتەوە و بەم پێیەش ئاراستەیەکی تر دەخاتە بەردەم فیدراسیۆن. ئەو لەم بارەوە لەنووسراوێکدا ڕاشکاوانە دەنووسێت:

باسەکە ئەوەیە کە پێکهێنانی ڕێکخراوی مهاجرین بۆ ئێرانییەکان کۆنەپەرستانەیە. ئەمە بەمانای هێشتنەوەی ناسنامەی میللیە بۆکەسانێک کە لەئێرانەوە هاتوون وداتاشینی کەمایەتی دواکەوتووانەیە لەکۆمەڵگادا. ئێمە بەتەواوی لەگەڵ ئەم کارەدا موخالیفین. کەسێک کە کۆچیکردووە، ئەندامی کۆمەڵگای تازەیە ودەبێ لەیەکیەتییەکان و ڕێکخراوە حزبییەکانی ئەو وڵاتەدا و لەکەنار خەڵکی ئەو وڵاتەدا ڕێکخراو بێت. پێکهێنانی یەکیەتی کۆچکردوانی ئێرانییەکان، کاری ئێمە نیە. بەڵام پەنابەر پێگەیەکی پرۆبلۆماتیکیان هەیە کەبەرژەوەندی و کۆمەڵە مافێکی ئینسانی بەدوای خۆیدا دێنێ. بەڵام موهاجیر ئەم مەوقعیەتەی نیە. ئێمە بەدانی هەویەتی هاوبەش بەکۆچکردوان ڕازی نین تا بمانەوێت بەم ناوەوە ڕێکیان بخەین. زیادکردنی وشەی مهاجیر بۆ ناوی فیدراسیۆن هەڵەیەک بوو. لەنامەیەکدا کەبۆ هاوڕێ سورەیا شەهابی نوسیویەتی جارێکی تر دەنوسێت:

"سەرنجدانی غەیرە چینایەتی و سنفی بۆ چەمکی موهاجیر و پەناهەندەی ئێرانی.. هەڵەیەکە.. فیدراسیۆن وەک کەمپینێکی ڕادیکاڵ و سۆشیالیست کە دەیەوێت مەسەلەو نارەزایەتی کۆبکاتەوە و لەجێگەکان هێز کۆبکاتەوەو ڕەخنە ونارەزایەتییەکان بەکۆمەڵگا ڕاگەیەنێت.."

لەم نووسینانەی هاوڕێ مەنسور بەوە دەگەیەن کە نەک پێمان دەڵێت وەک کۆمۆنیزمێکی دەخاڵەتگەر لەژیانی ئینسانەکاندا کە بەرگی پەنابەرییان بەبەردا کراوە، دەبێ دەخالەت بکەین، بەڵکو ڕێگامان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە کە مەسەلەی پەنابەر یەک پرۆبلۆماتیکە، مەسەلەیەکە جیایە لەباسی کۆچبەر و تایبەتمەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە و دەتوانێ مەیدانێک بێت بۆ گۆڕینی یاسا، نەزمی کۆمەڵایەتی کە ئینسانەکان بەناسنامەی ئینسانی خۆیانەوە لەکۆمەڵگادا شوێن بگرێ و لەژێر ناوی پەنابەردا جیاکاری لەگەڵ نەکرێ. ئینسانێک کە ناچاربووە وڵات بەجێ بهێڵێ، نابێ ڕووبەڕوی ڕاسیزم وفاشیزم ببێتەوە، نابێ وەک هاوڵاتی پلەدوو جێگای پێبدرێت.

دەورەی دووەم: حزبی کۆمۆنسیتی کرێکاریی و فیدراسیۆنی پەنابەران.

بەبڕوای من بەدوای ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات وجەنگی کەنداو بەگشتی و دوای پێکهاتنی حزبی کۆمۆنسیتی کرێکاری ئێران، مەنسورحیکمەت لەچوارچێوەی لێکدانەوەکانی بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کەلەدنیادا سەری هەڵدا، ڕوانگەیەکی تر بۆ مەسەلەی پەنابەری دەخاتەڕوو. بەتایبەتی کە جەنگ و میلیتاریزم، قەیرانی ئابووری و پەلامارەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری بۆسەردەستکەوتەکانی چینی کرێکار وسەرهەڵدانی بزووتنەوە فاشیست و ڕاسیستەکان و وەرچەرخانی دنیا بەلای ڕاستڕەویدا، دیاردەی پەنابەری وهەڵهاتنی بەکۆمەڵی خەڵک لەوڵاتەکانیان لەترسی جەنگ و کاولکاری و شەڕە ناوخۆیی و ناوچەییەکان، هێندە پەرەپێدرا، کە لەناوەندە جیهانییەکاندا بە"قەیرانی پەنابەری" ناوزەدیان کرد. مەنسور حیکمەت بەڕۆشنی ئەم واقعییەتەی بینیوە، بۆیە پرۆژەی فیدراسیۆنی پەنابەرانی وەک مەیدانێک بۆ دەخاڵەتگەری کۆمۆنیستی بەدەستەوەگرت و وەک مەیدانێکی

کاری حزب دەستنیشانی کرد.

ئەگەر هەرئینسانێکی بەویژدان بێت و چاوێک بە کەمپینەکانی فیدراسیۆن و بڵاوکراوەی "هەمبەستگی"دا بگێڕێت، بەڕۆشنی قوتبێکی ڕادیکاڵ بەئاسۆیەکی سۆشیالیستی و چینایەتییەوە، نەک هەرلەبەرامبەر ڕژێمی ئیسلامیدا ڕاوەستاوە، بەڵکو لەبەرەی ئینساندۆستی و داکۆکیکار لەمافە مەدەنییەکان وقەوانینی پێشڕەو و سکولاری باو لەووڵاتانەی ئەورووپادا، هاوکات لەدژی ڕاسیزم و کەمسازی ومامەڵەی نائینسانیانەی دەوڵەتان و یوئێن کەوتۆتە جەنگەوە. تەنانەت ئەم ڕۆڵەی فیدراسیۆن لەم دەورەیەدا، بەرادەیەک بوو کە وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو و پێشڕەو لەلایەن کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی عێراق وکوردستانیشەوە، بەدەستەوە بگیرێ و بۆ فریاکەوتنی قوربانیانی جەنگی کەنداو دەخاڵەت بکەن..

مەنسور حیکمەت لەساڵی ٢٠٠١دا لەنامەیەکدا دەنوسێت:

"فیدراسیۆنی پەنابەران یەک جووڵانەوەی مافە مەدەنی و ئینسانییەکانە، ژمارەیەک لەکادران و ڕابەری حزب هەڵسووڕاوی ئەم مەیدانەن و "هەمبەستگی"یان بەدەستەوەگرتووە، هەربۆیە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری جێگایەکی گرنگ بۆکارکردن لەم مەیدانەدا قبوڵ دەکات. فیدراسیۆن و کارەکانی بەشێکی جیانەکراوەی جووڵانەوەی ئێمەیە .."

هاوڕێیان، ئێستا کەدوای چەندین دەیە ئاوڕ لە ڕۆڵێک دەدەینەوە کە مەنسورحیکمەت لە مەسەلەی پەنابەریدا گێڕاویەتی، من پێموایە بەهۆی بۆچوونەکان و ڕوانگەی ئەو و هەوڵێک کە لەم مەیدانەدا داویەتی ئەزموونێکی پڕبایەخ و بەدەستکەوتمان تێپەڕاندووە.

هاوڕێیان، ئامادەبووانی بەڕێز، ئێستا کە ئاوڕ لەئەزموونی ڕابردوومان دەدەینەوە دەتوانم بڵێم کە میتۆد و ڕوانگەیەک کە مەنسوری حیکمەت لەمەسەلەی پەنابەریدا پێی بەخشیوین، هێشتا لەشوێنی خۆیدا ماوە. هێشتا چەکی فیدراسیۆن بۆئێمە ئامرازی دەخاڵەتگەری کۆمۆنیستیە لەبوعدێکی فراوانی جیهانی و کۆمەڵایەتیدا. بەتایبەتی ئەگەر چاو لەفەزای جەنگ و میلیتاریستی سەردەمی ئێستا بکەین و سیاسەت و مامەڵەی دەوڵەتانی بۆرژوازی لەگەڵ ئەو ئینسانانەی کەبوونەتە قوربانی کارنامەی دژی ئینسانی ئەوان، دنیا لەگێژاوێکدایە کەچارەنووسی ملیۆنەها ئینسان نادیارەو لەهەڵهاتندایە. ئێستا گەڕان بەدوای سەرپەنایەکی ئاسودە و هەناسەهەڵمژینێکی بێخەم بۆتە هیوای ملیۆنەها ئینسان.. بەدڵنیاییەوە فیدراسیۆن وکاری ئێمە لەم مەیدانەدا بوعدێکی فراوانی بەخۆیەوە گرتووە. خۆشبەختانە بە ئەزمون و کارێک کە فیدراسیۆن لەڕابردوودا گێڕاویەتی دەتوانین ڕۆڵی دەخاڵەتگێرانە بگێڕین.. بەدڵنیاییەوە لەم کارەماندا هێشتا مەنسور حیکمەت لەکەنارماندا، وەک ڕابەرێکی ئینسانگەرا، کۆمۆنیستێکی دەخاڵەتگەرو پراکتیکاڵ و شۆڕشگێڕ، داکۆکیکار لە حقوقی ئینسانی و مەدەنی ڕاوەستاوە، کەپێویستە دیسانەوە ئیلهامی لێ وەربگرین. هەروەک حیکمەت دەڵێت:

"هەموو چیرۆکی ژیانی ئێمە گۆڕینی ژیانی ئینسانە"

سەرکەوتووبن.

---

**کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان، وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، تیایدا جیاوازی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکییەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لەسایەیدا کەمایەتییەکی کەم لەسەر حسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە میلیاردێر و لەناو سەروەت و سامانندا نوقم بوون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و بەهرەمەندبوونی لە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە، زەمینە بابەتییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیانی کردووەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردووەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و لە ڕووی بابەتیشەوە مومیکن.**

**بەشێک لە بەڵگەنامەی حزب: مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە... پەسەندکراوی کۆنگرەی (٥) دیسمبەری ٢٠٢١**

# مەلا بەختیار مێژوو چەواشە دەکات !

## مستەفا باهیر

له ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣ "کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی" لە یادی ١٠٠ سەد ساڵەی پەیماننامەی لۆزاندا لە سویسرا کۆنفرانسێکی بۆ کۆمەڵێک سیاسەتمەدار ڕێکخست. مەلا بەختیار کە یەکێک بوو لە بەشداربوان، باسی ستراتیج و بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرسێ تەوژمی (کۆلۆنیالیزم، کەمالیزم، بۆلشەویزم)ی دەکرد و لە بەشێک لە قسەکانیدا ووتی:"بەلشەویک هەڵەیەکی ئێجگار گەورەی ستراتیجی کردووە لە پشتیوانیکردنی کەمالیزم، بەبێئەوەی بڵێت نابێت تەعەدا لەکورد بکەیت! بەبێ ئەوەی بڵێت سیاسەت تێدەگەم، ئابوری هاوبەش تێدەگەم، جوگرافیا و هەموو ئەمانە تێدەگەم، بەڵام قبوڵکردنی سەرکوتکردن تێناگەم! قەتڵوعام کردن لەدەرسیم، لەزیلان و ئەو ناوچانە تێناگەم..! سوپای تورکیا بەو هەموو درندەییەی خۆیەوە دەکەوێتە گیانی کورد، بەڵام لینین بۆ قبوڵی دەکات؟)

سەرەتا پێویستە ڕونکردنەوەیەک لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەتی سۆشیالیستی سۆڤیەت و بەلشەفەیکەکان لەگەڵ دەوڵەتی تازە دامەزراوی تورکیا بە سەرۆکایەتی کمال ئەتاتورک بکەین و دواتر ڕاستی و ناڕاستی ئەو بانگەشەیەی مەلا بەختیار ڕوون بکەینەوە.

وەکو هەموان دەزانن یەکێک لە دروشمەکانی بەلشەفیەکان و دواتر سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتی سۆڤیەتی ئەوەبوو کە کۆتایی بە جەنگی ئیمپریالیستی یەکەم بهێنێ کە لەنێوان هاوپەیمانەکان و سوێندخۆرەکاندا بەرپابوو بوو. ڕوسیای تزاری و دەوڵەتی عوسمانی کە بەسەر دوبەرەی شەڕەکەردا دابەش بووبوون، دوای ڕێکەوتنی (بریست لیستۆفسک) لەنێوان ئەڵمانیاو ڕوسیا ساڵی ١٩١٨، لە ساڵی ١٩٢١ ڕێکەوتننامە مۆسکۆیان واژۆکرد. بەڵام ئەوکاتە ئیتر دەوڵەتی عوسمانی ئەو توانایەی نەمابوو، پەرلەمان و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەدەستی کەمالیستەکاندا بوو. هەر لەو کاتەدا دەوڵەتی سۆڤیەتی کە تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، لەلایەن سوپای ٢٠ دەوڵەتەوە پەلاماری درابوو، لەوانە بەریتانیا و یۆنان کە هاوکات لە شەڕدابوون لەگەڵ کەمالیستەکاندا. ڕێکەوتنی نێوان بەلشەفیەکان و دەوڵەتی سۆشیالیستی بەرابەری لینین هیچ پەیوەندیەکی بە پرسی کوردەوە نەبوو، بەڵکو بۆئەوە بوو لەوکاتە ناسکەی دەسەڵاتی چینی کرێکاردا دۆخی سیاسی و کێشەکانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا ئارام بکاتەوە.

هەڵبەتە مەلا بەختیار خۆی باش لەو ڕاستیە تێدەگات. حکومەتێک کە شۆڕشێکی بەرپاکردوەو هێشتا ووڵاتەکەی لەناو شەڕێکی ئیمپریالیستیدا گیرۆدەبووەو دەبێت باجی قورس بدات بە لایەنە شەڕکەرەکان تا ئاشتی لەگەڵ بکەن، هەروەکو ئەوەی کە لە پەیماننامەی ئاشتی بریست لیستۆفسکدا ناچاربوو بەشێکی فراوانی خاکی سۆڤیەت بداتە بە ئەڵمانیا بەرامبەر بە ڕاگرتنی شەڕ، سەرەڕای ئەوەش هەموو ووڵاتانی ئیمپریالیستی و دەیان ووڵاتی دیکە دەیان هەزار هێزی چەکداریان ڕەوانەی ڕوسیاو سۆڤیەت کردوە بۆ پشتیوانی لە سوپای سپی و جەنەڕاڵەکانی پاشماوەکانی دەسەڵاتی تزاری و حکومەتی بۆرژوازی، و شەڕکردن لەگەڵ سوپای سوور و بۆ ڕوخاندنی حکومەتی تازە بەسەرکارهاتووی سۆڤیەت، لەوکاتەدا کەمکردنەوەی فشارە سیاسی و سەربازیەکان لەسەر حکومەت و دەوڵەتی سۆڤیەتی پرسی مان و نەمانی دەوڵەتی سۆشیالیستی بوو. کام سیاسەتمەداری هوشیار و عاقڵ و بەویژدان ڕەخنە لەو سیاسەتەی لینین و بەلشەفیەکان دەگرێ! بەتایبەتی کە مەلا بەختیار خۆی و حزب و بزوتنەوە و حکومەت و دەسەڵاتەکەیان ساڵانێکە بۆ ڕاگرتنی قەوارەی هەرێم نەک هەر بە ڕژێمە سەرکوتگەرەکانی ئێران و تورکیاو سوریایان نەووت بۆچی غەدر لە کوردەکانی ناو ووڵاتەکانتان دەکەن، بەڵکو هاوکاری ئەو ڕژێمانەیان کرد بۆ تیرۆری هەڵسوڕاوان و نەیارانی سیاسی ئەو ڕژێمانە لە هاوزمانەکانی خۆیان و بگرە شەڕی چەکداریان دژی پەکەکە کرد بۆخاتری بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ دەولەتی سەرکوتگەر و فاشیستی کەمالیستی تورکیا! چ جای ئەوەی باسی ئەوە بکەی کە لینین غەدری لە کورد کردوە! لەکاتێکدا نەک هەر پرسی کورد هیچ جیگایەکی نەبووە لەو ڕێکەوتن و دانوسانەدا، بەڵکو لەوکاتەدا دەوڵەتی کەمالیستی تورکیا هیچ غەدرێکی لە کورد نەکردبوو تا لینین نارەزایەتی لەو غەدرە دەرببرێ، بەڵکو سەرۆک خێڵەکانی کورد و ئەوانەی کە وەکو نوێنەری ناوچە کوردنشینەکان لە پەرلەمانی تورکیادا بوون لەپاڵ کەمالیستەکاندا ڕاوەستابوون!

بەگوێرەی وتەی نوسەری ناوداری بەریتانی" ە. س ئارمسترۆنج" کە لەوکاتەدا نوێنەری سەربازی بەریتانیا بووە لە تورکیا لەکتێبی "گورگی تۆزاوی ...مستەفا کەمال ئەتاتورک" دەڵێت: " ئەتاتورک پەیوەندی کرد بە سەرکردەکانی خێڵە کوردەکانەوە و بەناوی ئاین و نیشتمانپەروەریەوە دیالۆگی لەگەڵ کردن... ڕاستیەکە ئەوەیە کە کورد ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرنی تورکیادا، لەسایەی نیازپاکی و دڵسۆزیان لەلایەک و زیرەکیی ئەتاتورک لەلایەکی ترەوە."

هەروەها ئەتاتورک داوای لە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا کرد کە ٧٢ نوینەر بوون بۆئەوەی تەلگراف بکەن بۆ هاوپەیمانان و پێیان بڵێن نامانەوێت لە تورکیا جیابینەوە. نوێنەرە کوردەکان ئەم کارەیان کرد. دواتر ئەتاتورک

شاندێکی نارد بۆ کۆنفرانسی لۆزان بە سەرۆکایەتی عیسمەت ئینۆنۆ کە بەرچەڵەک کوردە. ئەتاتورک داوای لە ئەندام پەرلەمانە کوردەکان کرد پشتگیری ئەو قسەیەی "عیسمەت ئینۆنۆ" بکەن کە دەڵێت کوردەکان نایانەوێت جیاببنەوە و خوازیارن لە دەوڵەتی تورکیادا بمێننەوە. هەمسان نوسەری بەریتانی دەڵێت: "نوێنەری کورد حسین عەونی بیگ لە پەرلەمان وتەیەکی پێشکەش کردو ووتی: "ئەم وڵاتە بۆ کورد و تورکە و مافی قسەکردن لەم وڵاتەدا هی ئەو دوو نەتەوەیە، کورد و تورک" و لە لایەن هەموو نوێنەرە کوردەکانیشەوە پاڵپشتی کرا! بەپێی ئەم قسەیە ئینۆنۆ لە کۆنفرانسی لۆزان ڕایگەیاند کە تورکیا بۆ ئەو دوو گەلەیە، تورک و کورد، کە لەبەردەم دەوڵەتدا یەکسانن و لە مافی نەتەوەیی یەکسان و بەهرەمەندن"".

بەوجۆرە دەردەکەوێ ئەوەی پشتیوانی لە سیاسەتی کەمالیستەکان کردوە خودی بەناو سەرکردەو نوێنەرە سیاسیەکانی کورد بوون. بەڵام دوای ئەوەی ئەتاتورک لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ کۆماری تورکیای ڕاگەیاند و پشتیوانی ڕۆژئاوا و زلهێزەکانی بەدەست هێنا، دەستیکرد بەرەتکردنەوەی ئەو بەڵێنانەی کە بە کوردی دابوو. دوای ئەوە قۆناغێکی تاڵ و تاریک لەژیانی خەڵکی کوردزمانی تورکیا دەستی پێکرد و ئەوەبوو کۆمەڵێک یاخیبوون و ڕاپەڕینی چەکداری دژی دەوڵەتی تورکیای کەمالیستی لە ناوچە کردنشینەکاندا سەری هەڵدا. کاتێکیش ئەم سەرکوت و ستەمەی دەوڵەتی تورکیا دژی خەڵکی کورد و یاخیبوون و ڕاپەڕینەکان لەدژی سەری هەڵداوە، نە لینین لە ژیاندا ماوەو نە دەوڵەتی سۆڤیەتیش ئیتر دەوڵەتە بەلشەفیەکەی سەردەمی لینینە! بۆیە ئەم درۆهەڵبەستنەی مەلا بەختیار بۆ لینین و بەلشەفیەکان دەچێتە پاڵ ئەو قسە نەستەقانەی دیکەی کە مەلا بەختیاری پێدەناسرێتەوە!

★

# بزوتنەوەی کرێکاری بەریتانیا هەنگاوی دیکەی پێویستە!

**توانا نوری**

سالێک لەمەوپێش سەندیکای کرێکارانی شەمەندەفەر، گواستنەوە و دەریایی (RMT)مانگرتنی نیشتمانی دەستپێکرد. دواتر کرێکارانی پۆست، مامۆستایان، کارمەندانی کەرتی حکومی، پەرستاران، وانەبێژان، پزیشکان و زۆر کەرتی تریشی گرتەوە. لەماوەی ئەم ساڵەدا سەدان هەزار کرێکار لە گەورەترین شەپۆلی ململانێ و خەباتی کرێکار و سەندیکایی و مانگرتن و خۆپیشاندان لە ٣٠ ساڵی ڕابوردوو بەرێکرد. کرێکاران سەرلەنوێ خەباتی هاوبەش و دەستەجەمعی دەدۆزنەوە. بەڵام هێشتا ئەو جۆرە سەرکەوتنەیان بەدەست نەهێناوە کە پێویستە.

بەهۆی مانگرتنەکانەوە، مەزندە دەکرێ ٢.٤٢ ملیۆن ڕۆژی کارکردن لەدەستچووبێت لەنێوان مانگەکانی حوزەیران و کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ - تەنها لە مانگی ئازاری ٢٠٢٣دا ٥٥٦ هەزار ڕۆژی کارکردن لەدەستچووەوە.

ئەم شەممەیە سەدان کرێکار لە سەندیکای جیاوازەوە لە کۆنفرانسێکدا کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنێتی خەباتکردن و چۆنیش سەرکەوتن بەدەستبهێنن. کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی شەپۆلی مانگرتن، جۆری ستراتیژی کە پێویستە بۆ سەرکەوتن و سیاسەتی بزووتنەوەکە. کۆنفرانسەکە دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ کرێکارانی سەندیکاکان بۆ وتوویژ و دڵنیابوون لەوەی خەبات بۆ سەرکەوتن دەکەن، هەروەها دەرفەتێکە بۆ کرێکاران کە کۆببنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی هەماهەنگی باشتر و بەستنەوەی خەباتەکان و پەرەپێدانی ململانێکان. چۆن شەڕ دەکەین، چۆن سەردەکەوین؟ کۆنفرانسی ئەندامانی ئاسایی سەندیکاکان . ئەم کۆنفرانسە لەلایەن کۆمەڵێک ڕێکخراوی سەندیکا و بزووتنەوەکانی کرێکاران ڕێکخراوە و دەیان لقی سەندیکاکان و ئەنجومەنە پیشەییەکان لە سەرانسەری وڵاتدا پشتگیری کراوە.

ئەم کۆنفرانسە لە قۆناغێکی گرنگدایە لە خەبات. شەپۆلی مانگرتنەکان بەپلەی یەکەم بەهۆی قەیرانی تێچووی ژیانەوە هەڵگیرسا کە ملیۆنان کەسی کرێکار دەستیان دایە تێکۆشان بۆ دابینکردنی خۆراک و وزە و خانووبەرە. نزیکەی یەک لەسەر سێی هەموو منداڵانی بەریتانیا لەئێستادا لە هەژاریدا دەژین.

نایەکسانی و نابەرابەری بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەریتانیا پەرەی سەندووە. لەکاتی پەتای کۆرۆنادا زیاتر زەق بووە. کاتێک دەوڵەمەندەکانی سەر بە حیزبی موحافزین پارەی گشتییان خوارد و ملیاردێرەکانی وەک جێف بازۆس و ئیلۆن ماسک سامانەکەیان بە ڕێژەیەکی زۆرتر فراوانتر کرد، لەکاتێکدا زۆرینەی خەڵک ژیانیان بەرکەوت.

پەتای کۆرۆنا ڕوونیکردەوە کە ئەوە کرێکارە کۆمەڵگا دەبات بەڕێوە. هەروەها کەمترین مووچەشیان پێدەدرێت و لە خراپترین بارودۆخدا کار دەکەن. ڕەگ و ڕیشەی شەپۆلی مانگرتن لەئێستادا لە متمانەی تازە دۆزراوی کرێکاراندایە بۆ ڕێکخستن و ململانێ و لە زۆر حاڵەتدا سەرکەوتن، لە ساڵی ٢٠٢١ەوەیە. ملیۆنان کرێکار ئیلهامیان لە

مانگرتنەکان و خەباتی دەستەجەمعی وەرگرتووە. هەروەها پشتگیری گشتی بۆ مانگرتنەکان، سەرەڕای هێرشی میدیای حکومی و ئەهلی، بەهێز و پتەوی خۆی ماوەتەوە. بەڵام دوای ساڵێک هێشتا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست نەهێناوە. دەسەڵات لەم ماوەیەدا توانی یاسایەکی نوێی دژە مانگرتن دەربکات. بەشێک لە هۆکاری ئەوەی کە دەسەڵات توانیویەتی ئەم کارە بکات، سنوورداربوونی مانگرتنەکانە. لە زۆربەی کەرتەکاندا مانگرتن تەنها یەک یان دوو ڕۆژە بووە و بە جیاش ماونەتەوە. هاوئاهەنگی لە نێوان کەرتەکاندا نییە.

ڕۆژی چالاکی هاوئاهەنگی ١٥ی ئازار، تا ٧٥٠ هەزار کرێکاری لە بواری پەروەردە، تەندروستی، گواستنەوە و خزمەتگوزاری شارستانی پێکەوە مانیان گرت. کاریگەری ئەو چالاکییە هاوبەشە، ئەو دەسەڵاتەی کە بە داخستنی شاری لەندەن لەگەڵ سەدان هەزار کەس لەسەر شەقامەکان پیشانی دا و هاودەنگیی نێوان کرێکاران ڕوون بوو. بەڵام زیاتر لە نۆ مانگی خایاند تا گەیشتینە ئەو ئاستە — و تەنها یەک ڕۆژیش بوو.

قەیرانی تێچووی ژیان کاریگەری لەسەر هەموو خەڵک هەیە و قووڵتریش دەبێتەوە. وەزیرێکی حکومەتی موحافزین پرسیاری ئەوەی کرد کە بۆچی کرێکارانی (RMT) ئۆفەرێکی باشتریان پێنەدراوە، ڕوونیکردەوە کە دانپێدانان بە کۆمەڵێک داخوازی کرێکارانی کەرتێک پێشینە بۆ کرێکارانی کەرتەکانی تر دروستدەکات.

دەسەڵات تێدەگات کە خەباتی سەندیکایی کەرتی جیاواز بەشێکن لە یەک خەباتی کرێکاری سەرانسەری. سەرکەوتنێک بۆ یەکێکیان یارمەتی هەمووان دەدات و پێکەوە بەهێزتر دەبن. بەڵام بەداخەوە ئەم لایەنە سەرمایەگوزاری باشی تیانەکراوە. بەدڵنیاییەوە، ئەمە بۆچونی کرێکارانە بەڵام ڕەنگی لە لای سەرکردەی سەندیکاکان نەداوەتەوە.

لێرەدا پرسیاری سیاسی گرنگ و فراوان دێتە پێشێ. بزوتنەوەی کرێکاری دەبێت لە پێشەنگی بەرگریکردن لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و شکستپێهێنانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر مافی ڕێکخستن و کەمکردنی ئازادییە مەدەنییەکان و هەروەها دژایەتیکردنی ڕەگەزپەرستی و شەڕ بێت. چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەت و حکومەتەکەی و هەر سێ حیزبی بۆرجوازی، موحافزین، کرێکاران و لیبرال دیموکرات، پاشەکشەی جیدیان بە بزوتنەوەی کرێکاری لە بەریتانیا کردوە، بەڵام سەرەتاکانی خەباتی هاوبەش و دەستەجەمعی خەریکە دەستپێدەکاتەوە.

# بڕیارنامەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران:
# سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە کوردستانی ئێران

بەرەچاوکردنی ئەوەی:

خەڵکی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێرسایەی ڕژێمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی و هەروەها لەلایەن ڕژێمە جیاوازەکانی عێراق و تورکیاوە بەشێوەی سیستماتیک لەژێر فشارو سەرکوت و چەوساندنەوەی نەتەوەییدا بوون. پرسی کورد، نەک تەنیا لە ژیانی خەڵکی کوردستاندا، بەڵکو لە پرۆسەی بارودۆخی سیاسی ئێران و ناوچەکەدا بەگشتی، بووەتە گرێیەکی سیاسی گرنگ. پێویستە ئەم مەسەلەیە هەرچی زوتر و بەشێوەیەکی بنەڕەتی و دادپەروەرانە وەڵام وەربگرێتەوە.

لەڕوانگەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانەوە، تەنیا وەڵامی مەبدەئی بە پرسی کورد لەئێران، ڕاگەیاندنی ڕای ڕاستەوخۆی خەڵکی کوردستانە لەڕێگەی ڕیفراندۆمێکی ئازادەوە سەبارەت بە جیابوونەوە لە ئێران یان جیانەبوونەوە. بۆ ئەم مەبەستەش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەم نەخشەی خوارەوە دەخاتەڕوو.

١- چوونەدەرەوەی سەرجەم هێزەکانی سوپا و پۆلیسی حکومەتی ناوەندی لە کوردستان بۆ ماوەی شەش مانگ پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بەمەبەستی زامنکردنی ئازادی چالاکی و پروپاگەندەی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بەمەبەستی ئاشناکردنی خەڵک بە بەرنامە و سیاسەت و هەڵوێستەکانیان لە ڕیفراندۆمدا. چاودێریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە فەرمییە نێودەوڵەتییەکان بەسەر کشانەوەی هێزەکانی حکومەتی ناوەندی و بەدیهاتنی ئازادی و ئاسایشی هەڵسوڕانی سیاسی لەم ماوەی شەش مانگەدا. هەروەها پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان گەرەنتی دەستوەرنەدان، هەڕەشە یان دەستدرێژی سەربازی حکومەتەکانی عێراق و تورکیا لەم ماوەیەدا بکات.

٢- ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ناوچە کوردنشینەکانی بەشی ڕۆژئاوای وڵات بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە تیایدا خەڵکی کوردستان دەنگ لەسەر پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ یان مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەدەن. ئەنجامی ئەم ڕیفراندۆمە ڕەسمی و یاسایی و دەبێت جێبەجێ بکرێت.

٣- لەڕوانگەی ئێمەوە بابەتی ڕیفراندۆم جیابوونەوە یان جیانەبوونەوەیە، نەک ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیزمی قەومی و شتی لەوبابەتە. پرسیارێک کە خەڵکی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی لەو چەشنەدا وەڵامی دەدەنەوە

بریتیە لە: "جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان مانەوە لە چوارچێوەی ئێران بە گەرەنتی یەکسانی تەواو لە ماف و ئازادییەکاندا وەک هاوڵاتییەکی ئازاد و خاوەن مافی یەکسانی وڵات".

******

سەرباری ئەوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەپێویستی دەزانێت جەخت لەسەر ئەم خاڵانە بکاتەوە:

١/ دانپێدانانی ئێمە بە مافی جیابوونەوە بەمانای راسپاردەی ئۆتۆماتیکی بۆ جیابوونەوە نییە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لەسەر بنەمای لێکدانەوەی دیاریکراو لە کۆمەڵێک هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەدەورەی دەستپێکردنی عەمەلی ئەو پرۆسەیەدا و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی گشت بزووتنەوەی چینی کرێکار و ئازادی و خۆشگوزەرانی هەرچی زیاتری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستاندا، هەڵوێستی خۆی لە ڕیفراندۆم دیاری دەکات و ڕادەگەیەنێت.

٢- وێڕای بەرەسمیەت ناسینی مافی جیابوونەوە، ئێمە موخالیفی هەر جۆرە فیدراڵیزمێکی نەتەوەیی یان پێشنیارە جۆرواجۆرەکانی ئۆتۆنۆمین و ئەوانە نەک بەرێگای چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی نازانین، بەڵکو بە شێوازەکانی دیکەی بەردەوامیدان بە ململانێ و کێشمەکێشی نەتەوەیی، بەرجەستەکردن و بەهەمیشەییکردنی ناسنامەی ملی و بە یاساییکردنی جیاکاریە نەتەوەییەکان لەچوارچێوەی وڵاتێکدا دەزانین و ڕەدی دەکەینەوە.

مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

تشرینی دووەمی ١٩٩٤

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن مەنسور حیکمەتەوە نوسراوە. لە "کتێبی مەنسوور حیکمەت - بەرهەمە هەڵبژێردراوەکان، چاپی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری-حیکمەتیست" ەوە وەرگیراوە.

# هەفتەی مەنسور حیکمەت لە سلێمانی بەڕێوەچوو!

ئەمڕۆ لە هۆڵی ڕادیۆ پێشەنگ، لە سلێمانی، هەفتەی مەنسور حیکمەت بەڕێوەچوو، کە تەرخانکرا بۆ قسەوباس لە گۆشەی جیاجیاوە لەسەر دەورو نەخشی سیاسی و فکری و پراتیکی مەنسوری حیکمەت لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا.

ژمارەیەک هاوڕێ لە رابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە چوار تەوەردا باسەکانیان پێشکەش کرد. هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی دەربارەی زەرورەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ڕوانگەی مەنسوری حیکمەت و دەوری ئەو لە پێکهێنانی حزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و عێراق قسەوباسی کرد.

تەوەرەی دووەم لەلایەن هاوڕێ عوسمان محمد( عوسمانی گەرمیان) پێشکەش کرا لەژێر ناونیشانی ( سەرچاوەی مارکسیزمی مەنسوری حیکمەت) و تیایدا ئاماژەی بە جیاوازی مارکسیزمی مەنسوری حیکمەتی لەگەڵ مارکسیزمی باوی ئەو سەردەمەدا کرد.

باسی سێهەم لەلایەن هاوڕێ شاباز محمود وە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبەوە پێشکەشکرا لەژێر ناونیشانی( مەنسوری حیکمەت و ڕێکخراوەی کرێکاری). لە باسەکەیدا شاباز محمود ئاماژەی بەو بابەت و بۆچوونانەی مەنسور حیکمەت کرد کە سەبارەت بە ڕێکخراوەی کرێکاری نوسیونی و کاریگەری لەسەر کۆمۆنیستەکان و هەڵسوراوانی کرێکاری لە عێراق وکوردستان.

تەوەری کۆتاییش لەلایەن هاوڕێ خسرەو سایەوە لەژێر ناونیشانی (مەفهومی سەرمایەداری و کرێکار لەلای مەنسور حیکمەت) پێشکەش کراو ئاماژەی بە تێگەیشتنی مارکسیستانەی مەنسوری حیکمەت لە سەرمایەداری و کرێکار کردو جیاوازیەکانی لەگەڵ تێگەیشتنی باوی بزوتنەوەی بەناو کۆمۆنیستی ئەو سەردەمەدا نیشان دا.

شایانی وتنە بەشێوەی ڕاستەوخۆ قسەوباسەکانی هاوڕێیان لەلایەن ڕادیۆی پێشەنگەوە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک بڵاوکرایەوە.

هەفتەی مەنسوری حیکمەت، دوای نەمانی مەنسوری حیکمەت لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانەوە، بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەری و ناساندنی بۆچوون و کارە سیاسی و فکریەکانی، وەکو نەریتێکی سیاسی ساڵانە لەمانگی ٦دا کە یادی لەدایکبونیشیەتی، بەڕێوەدەبرا. ئێستاش ساڵانە بەشێوەی جۆراوجۆر ئەو یادە بەڕێوەدەبرێت. ڕادیۆی پێشەنگ، دەنگی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، ئەمساڵ لە سلێمانی بۆ ڕێزگرتن و بەرزنرخاندنی نەخشی مەنسوری حیکمەت لە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی عێراق و کوردستاندا ئەو بۆنەیەی سازدا.

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر October

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com